داخستنی ١٠ سەنتەری مەساج لە هەولێر

وەزارەتی تەندروستی ڕایگەیاند " لە هەولێر ١٠ سەنتەری مەساج داخران و ڕەکاری یاساییان بەرامبەر دەگیرێتەبەر".

ئەمە پێنج شەممە، بەشی چاودێری تەندوستی وەزارەتی تەندروستی ڕایگەیاند " بە هەماهەنگی لەگەڵ تیمەکانی چاودێری تەندروستی لە بەڕێوەبەرایەتی پاراستنی تەندروستی هەولێر، هەروەها بە هەماهەنگی قایمقامیەتی قەزای عەینکاوە، پشکنیان بە چەندین سەنتەری مەساج و شوێنی تاتە ئەنجامدا".

لە ڕاگەیاندراوەکەدا ئاماژە بەوەشکراوە، بەهۆی پابەند نەبوون بە ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی و جێبەجێنەکردنی ڕێنماییەکان بەیاری داخستن بە ١٠ سەنتەری مەساج و ٢ شوێنی ئەنجامدانی تاتەی لێش درچووە.

هاوکات سەرپێچیکارانیش ڕەکاری یاساییان بەرامبەر دەگیرێتەبەر.